شەمخانی: هەر هێرشێک بۆ سەر ئێران دەبێتە سەرەتای جەنگێکی بەرفراوان



عەلی شەمخانی، ئەمیندارێ گشتی ئەنجومەنی بەرگری ئێران هەشداریدا کە هەر هێرشێک بۆ سەر ئێران، هەرچەندە سنوردار بێت، دەبێتە "سەرەتای جەنگێکی بەرفراوان" لە ناوچەکەدا، و ئەمینداری ئاسایشی نیشتمانی ئێرانیش جەختیکردەوە کە ئێو گفتوگۆیانەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عومان ئەنجامیداون "زۆر بەرهەمدار" بون.

عەلی شەمخانی، ئەمە چوارشەممە لە لێدوانێکدا کە میدیاکانی وڵاتەکە باویکردوەتەوە، هەشداریدا کە هەر هێرشێک بۆ سەر ئێران، هەرچەندە سنوردار بێت، دەبێتە "سەرەتای جەنگێکی بەرفراوان" لە ناوچەکەدا، و جەختیکردەوە کە کاریگەری لەسەر دابینکردنی وزە و لە ئەنجامدا ژیانی گەلانی جیهان دەبێت.

فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکان لە بەنە جیاجیاکاندا ڕایانگەیاندوە کە هەر دەستدرێژییەکی سەربازی بۆ سەر ئێران، تەنانەت ئەگەر سنوردار بێت، بە جەنگ دادەنرێت، و جەنگێک نییە کە تەنها لە ناوچە جوگرافییە سنوردارەکاندا بمێنێتەوە، و تەنها هوبەوبونەوەی نێوان دو لایەن نابێت.

لە لایەکی دیکەوە عەلی لاریجانی ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران پێش جەختکردنەوە کە ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عومان ئەنجامیداون "زێر بەرهەمدار" بون.

لاریجانی ڕونیکردەوە کە دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا "تا ڕادەیەک باش" بون، ئاماژەی بەوەشکرد کە واشنتن هەوڵدەدات ئەم گفتوگۆیانە بەرەو دەزینەوەی چارەسەر ببات. ئەوەشی خستەڕو کە هەشتا زۆ حوکمەکی تەواو لەسەر بنەمای یەک دانیشتنی دانوستانەکان بدرێت و داوای کرد لە خولەکانی داهاتودا بڕدەوامی بەو ووتووێژە بدرێت.